
ڕۆمانە شیعر



# سەفەری ژان

فاتیح عەبدوڵڵا شوانی

ڕۆمانە شیعر
سەفەری ژان
فاتیح عەبدوڵڵا شوانی

# Sêfary jan



FATEH A. SHWANY

2005

# سەفەری ژان

## رۆمانە شیعر

## فاتیح عەبدوڵلاشوانی

سلێمانی
٢٠٠٦

**ناوی پەرتووک: سەفەری ژان**

**بابەت: رۆمانەشیعر**

**نووسەر: فاتیح عەبدوڵڵا شوانی**

**ساڵی چاپ: ٢٠٠٦**

**شوێن: سلێمانی**

**پیتچنین وهەڵەچن : نوسەر**

**نەخشەسازی بەرگ: هێمن جەمیل**

**نەخشەسازی ناوەوە: هێرش ئەحمەد**

**چاپ: چاپی یەکەم**

**تیراژ (١٠٠)دانه**

**لەبەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتیەکان ژمارەی سپاردنی (١٩٥ )ی ساڵی ٢٠٠٦پێدراوە.**

***تێبینی: ئەم رۆمانه شیعره لەساڵی ١٩٩٦-١٩٩٨نوسراوە،ساڵی١٩٩٧لەهۆڵی رۆشنبیری چەمچەماڵ خوێندراوەتەوە.***

## پەیڤێك لە شەپۆلی وشەكان

زۆرن ئەوانەی بە گیان و بە دڵ ئەیانەوێت پەپولەی رۆح و حەزەكانیان لە سێبەری درەختە سەوزەكانی خاكی نیشتیماندا، پشوویەك بدەن، ماندووی رێگەن، تاوێ چەند دڵۆپێ لە هەناسەی ئازادی هەڵمژن و هەموو ساتەكانی ژیانیان بكەنە تەمەنی بەختەوەرییەكی نەبڕاوەی بێكۆتا.بەڵام بەداخەوە، جەستەیەك خۆی قەفەس بێ بۆ رۆحیانەتەكان و خاك و نیشتیمانیش گرتووخانەبن بۆ جەستەكان، ئەبێ پەپولەی حەزو رۆحی شەیدای ئازادی و كەمێ پشوو چ لەزەتێك لە سێبەری درەختەجوانەكانی نیشتیمان و شنەی شەماڵی ئازادی و لەزەتەكانی بەختەوەری بچێژن؟نا...نا....تانیشتیمان بە هەتك كراوی و دیلی بمێنێتەوە، تا خاكمان پارچەپارچەو لەت و پەت كرابێ.، تا مێژوومان هەر تاریك و بێ چرابێ، بێ وانەبێ.تا گەورەكانمان گەورە دەبن، تا...تا...تا....هەر ئەسیرین.... یان دەربەدەر. !

**فاتیح عەبدوڵلا شوانی**

چەمچەماڵ تشرینی یەكەمی ١٩٩٨

**پێشكەش بێت:**

*** بەوانەی كەشكۆڵی خەمی نیشتیمانیان لە كۆڵە و بیر لە پشوو ناكەنەوە.**

***بەشەهید "سەعید" ی برام و شەهید "رزگار"ی خاڵۆزام كەشەهیدی دەستی نەگریسی ئەهریمەنەكانی ناوخۆوناپاكانی نیشتیمان وخاك بوون.**

***بەو بەهارەی بێ گوڵ و سەوزایی تێدەپەڕی و تێدەپەڕێت.**

**سەفەری ژان**

**(١)**

**لەسێبەری...**
**تەرم وتابوتی شەودا!**
**لەکەناری مێژووی رەشدا،**
**لەدامێنی بەرزەچیایی نیشتیمانم**
**ساوایەکین برسی تینوو!**
**بۆقومێ شیر ..بۆقومێ ئاو!**
**بۆ....بۆ.. بووین بە زوخاو!**
**بەدەس ودان چمکی کراسی رەشی دایە**
**نیشتیمانمان توند گرتووەو بەری نادەین،**
**ئێمە لەئەو ......ئەو لەئێمە تێراماوین!**
**لەنهێنیەسپیەکانی زمانی یەکتر ناگەین**
**من نازانم کلیلی ئەم نهێنی ئاڵتونیانە!**
**بە چی کەسێ سپێردراون؟**
**بەکێ دراون؟**
**من نازانم بۆچی زەوی پەروانەیە بۆ هەتاوو**
**سەرچۆپی عاشقانەیەو بۆساتێکیش لێی وون نابێت!**
**من لێی تێناگەم**
**ئێمەش هەتا شنەی خۆزگەیەک ئەخوازین**
**سەت تورەبا تورمان دەدات!**
**هەتا بزەی خەندەیەک ئەخوازین لەدڵی رک ولێوی وشک**
**هەنسکی رەشەبای شەوی زریان چرچ ولۆچمان دەکات!**

***من تێناگەم***
***واخەریکە چپەی شێتیمان لێ دەنیشێت!***
***ڕۆحمان قافیەی مەرگ ئەچنێ***
***نیشتیمانیش زۆر توڕەیە***
***هەناسە لەگەروومان گرێچن دەکات!***
***ژانەکانی دنیای تاڵیش***
***لەدامێنی قەتماغەی زامی ئێمەداپەرەدەگرن!***
***ڕێی ژیانیش ماتومانەولەپێدەشتی پڕ غوربەتدا***
***چاوەکان ئاسۆ وون دەکەن***
***پێیەکانیش ڕێگە ناگرن!***
***ئاسمان سەحەرێکی روونەو***
***شەقامەکانی گشت رووتن***
***لەکۆشی شەوی دەیجوری ئەم وڵاتە***
***چی بکەین کەدەست بەئەستێرەناگاوناگات!***
***ڕۆح لەقەفەزەی جەستەدا***
***شاخەیاڵی فڕین وکۆچ لێدەدات!***
***تەمەنیش ئەسپێکی ژەژاڵی سەرشێتە،***
***کوا بەئێمە لغاودەکرێ؟***
***کوائەتوانین***
***کە نەهێڵین دەستی خەتا بمانگاتێ؟***
***کوادەتوانین؟***
***سەڵتەنەت لەرەشەبا وەرگرینەوە!***
***کوادەتوانین ؟***
***کە نەهێڵین گڤە ببێ بەسوڵتان و***

***سوڵتانیش بێ بەسوڵتان!***
***(٢)***
***ئێمە لەچاوسێبەری خۆر!***
***هێندەی بچوکی ساوایەک بگرەگەلێ بچوکترین،***
***هێندەی گۆمی چاوێکی رەش،***
***بێ جێماوین،***
***هێندەی رەشی خاڵی روویەک،***
***بێ رێ ماوین،***
***قەرەجێکی بێ نیشتیمان***
***وەک ماڵێکی بێ دیوارین،***
***بەبێ دەرگا، بە بێ حەوش***
***بابایەکی لەکاروان بەجێماوین!***
***(٣)***
***سەفەرێکی ژانگرتووین و***
***بەدەم هەنسکی رازەوە***
***هەردەگرین وهەردەگرین!***
***نیشتیمانیش چاوەڕییە گەورەبین،***
***لەنهێنی رازەکانی تێبگەین،***
***گەورە بووین وپێگەیشتین!***
***چ تێگەیشتین؟***
***لەوەی کە کردمان چیمان بەچی کردئاخۆ؟***
***لەنمایشی شانۆی مێژوومان،***
***لەوەی کەدیمان چیمان بەدی کردئاخۆ؟***
***چیمان نەکرد،***

***دەسمان لەیەخەی یەکناوە،***
***دوژمنانیش گرەودەکەن،***
***لەسەر بوون ونەبوونمان!***
***(٤)***
***لەم سەفەرەجەنجاڵەدا،***
***هەررۆحە و رۆح دەخواتەوە،***
***لەپانۆڕامای چاوی شەقامەکاندا،***
***شوێن پێکانمان شەڕ دەنووسن،***
***کەژاوەی عومری ئێمەی نوح،***
***بەدووی ئەسپەقەشەکانی خاچەوە***
***بەئاورێشمی سەر تورک بوون!***
***بەتۆزی بەرباوئاردی نێودرک بوون!***
***بەپێپلیکانەی تاوانی گەورەکانمانەوە،***
***بەدۆزەخەی سزاکاندا رۆچوون!***
***(٥)***
***بۆساتێکیش***
***وتوێژمان لەگەڵ خواکرد!***
***ئەوپسولەی نەمری داینێ،***
***ئێمەش بەقەد باڵای تەمەن***
***سوژدەی تەنیایمان بۆبرد!***
***کەچی هێشتا لەتاوانین،***
***کەمێکی تر پەشیمانین!***
***(٦)***
***لەچلەی سەفەرێکاین و***

***وەکو مناڵ وڕک ئەگرین !***
***دەمێ گوڵین دەمێ دڕک!***
***کەچی لەسەر یەک بنجە گیاین***
***ئیتر بۆچی ئێمە جییان؟***
***شیرەخۆرەی دایکە کانی و***
***لەباوەشی عەرشی بەرزی یەک چیان!***
***دەمێ خەندە دەمێ وڕک،***
***دەمێ گوڵ ودەمێ دڕک،***
***هەتاکەی واین***
***هێشتا ساواین!***
***(٧)***
***لەم سەفەرە،***
***هەنگ ماچی حەرامی رومان دەکات!***
***شیرەمۆزەش بەونیازەوەبۆخۆی ئەژی،***
***هەندێک خۆزگەخوازین بۆ ئامێزی ماد،***
***هەندێک بۆسەر پشتی ئەسپ وزینی ژەژاڵی سەر شێت،***
***دەمێ بۆزەماوەندی حەزرەتی مەسیح،***
***تالەهاوشانمان دوورکات،***
***نوێژی سەرکەوتن بکات!***
***سرودی کوردی بڵێت،***
***دەمێ گوڵین دەمێ دڕک!***
***دەمێ خەندە دەمێ وڕک!***
***هەندێ جاریش شاخێکی رک!***
***کانیەکی خنکێنراووقوڕلەقوڕگ!***

***هەندێ جاریش وەکو ئاوین،***
***لەبەردەم سێبەری عەساکەی موسادا***
***ڕێک وەستاوین***
***کەسوڵتانیش فەرمانیدا،***
***کەشتیاونیش دەخنکێنین!***
***هەندێ جاریش***
***وەکو ئاگر گڕۆی دنیالەترس ئێمە تۆپز دەبن!***
***کوفر دەکەین ئەگەر بڵێین،***
***ئێمە جیاین!***
***زیندە ڕۆحی یەک بنجە گاین!!***
***(٨)***
***هێشتا ساواین،***
***کوا ئەتوانین،***
***پسولەی بوون،***
***بدەین لە بەرۆکی پەیکەری بوون!***
***چیمان پی دەکرێ،***
***کەدەستمان شۆرد لەجەستەمان،***
***ئازاری ڕۆحمان لەبەرچی؟***
***ئەمەگوژمەی سەرابێکە،***
***هەستەکانمان تێیدا مەلەی درۆئەکەن!***
***لەسەرپشتی ئەتڵەنتیکی هەڵەفەدا، ڕاستیەکان نغرۆدەکەن!***
***سرود لەگوێی کام ڕوباری هۆنراوەدائاواز بچڕن؟***
***ڕۆحیانەتی پەپولەکانی دەم شنەی خەردەل،***
***بەکام ئاسمانی ساف وشینا بفڕن؟***

گەورە بووین وپێگەیشتین،
لەم کۆچ وسەفەرە چی تێگەیشتین؟
چیمان نەکرد؟
رۆژهەڵاتمان کرد بەبوکێکی رازاوە،
پێشکەشمان کرد بە رۆژئاوا!
رۆژئاوا ئەی باوکمان،
بێ فەرمانی تۆ پارویەک ناجووین ،
بی تۆ نابین، نیو چرکە بێ تۆ ناژین!
چونکە ساواین،
بێ تۆسەربازێکین بێ چەک،
چەکێکین بەبێ فیشەک،
لەمەیدانی جەنگێکی بێ کۆتادا،
دۆش داماوین!
(٩)
ئێمەی داماو،
هەرچەن خونچەی نۆبەرەین
لەم سەفەرە،
گوڵەچنەی دوای خەرمانی سەدەی نوێین،
قورپبەسەری،
دوای تابوتی باوک کوژراوی مێژووین،
دورە روانەی باخچەی هیواو
ژێرپێکەوتەوبەردەبازی ئەم دەڤەرەو
ئەو دەڤەرەین!
(١٠)

***دیسانەوەلەژێرچادری سواڵیدا،***
***لەبەردەم پۆستاڵی ناحەزانماندا،***
***نۆچمان داوە!***
***لەبەختی رەش وسەری سپی!***
***لەبوونی خۆمان وەڕس بووین!***
***هەرچی دەیکەین بێ ئامانجە،***
***هەربڤەیەوبێ قازانجە!***
***هەمووسیڤەرێکی ئێمە،***
***لۆزانێکی بەدوادادێ!***
***هەرنەمامێ کەدەینێژین تورک دەبێ!***
***هەرگوڵێک کەئاوی دەدەین دڕک دەگرێ!***
***دارەکانیش بێسێبەرن،***
***بەریان ژانە!!***
***(١١)***
***لەم سەفەرە،***
***لەسەر شانۆی،***
***ئەم زەمەنە چیمان نەدی،***
***زەمەنێک بووچەک پێنوسی خوێندکاران بوو،***
***چەک خاکەنازی دەستی جوتیاران بوو!***
***چەک سەرین وتوێشووی رێگە،***
***هاوڕێی ژین ومردنمان بوو!***
***پێناسەوپسولەی بوونمان بوو!***
***زەمەنێ بوو رۆژمان شەو***
***شەومان ئەنگوستەچاوبوو!***

***ماندووی رێگە،***
***چەک ئومێد ونان وئاوبوو***
***هاوڕێی وەختی ماتومان بووین!!***
***(١٢)***
***لەم سەفەرە،***
***سکاڵانامەی ئاشتیمان،***
***بەگشت کۆشک ومیرێ گەیشت!***
***کەس وەڵامی نەداینەوە،***
***زمان درێژ تەنیا شەڕبوو!***
***ئاهی ساوای رووت وبرسی تینووی ئێمە،***
***بە گشت کانی وبیرێ گەیشت!***
***کەچی تەنیا،***
***سەرابی وشکی بیابانی بێفەڕبوو!***
***ئەوەی دیمان،***
***قەڵای لاشەوروباری خوێنی تەڕبوو!!!***
***(١٣)***
***چیمان نەدی؟***
***پاشتێلانە خەونیەکانیش وەکو جاران،***
***بەسەرشاشەی چاوانەوە دێن ودەچن،***
***رۆح وجەستەی وێرانەمان،***
***لەدواوێسگەی سەفەریاندا،***
***دواین دڵۆپەی فرمێسکیان بۆمان دەرژن،***
***هەربۆئەوەی نەمر بژین،***
***کەچی ئێستاش،***

***چاومان هێندەی روباری زام،***
***دیداری خوێن وفرمێسکە!***
***پانتای دەشتی دەرونمان تاچاوبڕکا،***
***بیابان ودڵمان چیایەکی رکە!***
***بەرگەی هەزاران تۆفان ئەگرێ!!***
***بەڵام قەدەر،***
***جەستەمان هێندەی کڵۆی لۆکە ناسکە!!***
***(١٤)***
***هەرچی مێشولەی زەلکاوی ئەم میحنەتەن،***
***لەخوێنی ئێمەتێرتێر ئەخۆن!***
***ئەرێ ئێوەئەزانن ئێمە پارووین؟***
***هەمووساتێ ئەمانجوون،***
***یان لەگەرووین یان لەگەدەین!***
***هەمووساتێ لەدەرگای گەدەکان دەدەین!***
***دێینەدەرێ، دێینەدەرێ،***
***واوەڕس بووین!***
***چیمان ماوەواهەرس بووین!***
***(١٥)***
***ئێمە چی گوناهێکمان کرد؟***
***پەکوف..پەکووف .پەکوووف،***
***چیمان نەبیست؟***
***ئێمەمەلێکین رۆحمان ئەمانەتێکە،***
***هەرکاتێ مەلەکی مردن داوی بکات،***
***گورج دایدەنێین،***

***جەستەکەشمان فڕیدەدەین،***
***کێ دەیبات بابیبات؟***
***چی دەیخوات بابیخوای؟***
***(١٦)***
***لەمێژەوە،***
***ئێمەی کورد، واراهاتووین!***
***ڕێسەکان بکەینەوەخوری،***
***دژی یەکتر، پشت لەرابردوو وداهاتووین!***
***لەبازنەی خەیاڵی خاڵی ئەمڕۆکاندا!***
***وەکو سەروکلکی تەشی،***
***خول ئەخۆین،***
***بەدەستی بێگانەوە!***
***وەکو ودوودەسکی دەستاڕ***
***یەکتر ئەهاڕین وبەجێی دێڵین وئەڕۆین!***
***مەلێکین بەباڵی خۆمان نافڕین!***
***بەگەرووی خۆمان ئاوازناچڕین،***
***بەچاوی سەر تێناڕوانین،***
***بەگوێی دڵمان شت نابیستین،***
***کێ دەڵێ هەین؟***
***دەنگی چی ورەنگی چی؟***
***بوونی چی وسەنگی چی؟***
***خۆخۆری چەکمەبۆرین،***
***کەری دێزەی خۆگەوزێنین،***
***ماری دووسەرەی خۆخۆرین!!***

***(١٧)***

***ئێمە کەرنەڤاڵێکین،***

***بۆسەمەرەو سابیتە بێ روحەکان هەڵدەپەڕین!***

***بۆ بێگوێکان ئاوازئەچڕین!***

***بۆشەمشەمەکوێرەکانیش،***

***وێنەونیگار ئەکێشین،***

***شانۆبۆدۆزەخیەکان نمایش ئەکەین!***

***وانەی مافیش بۆدیوارەکان ئەڵێینەوە!***

***(١٨)***

***لەوەتەی هەین!***

***رۆژمان ئەیەوێت هەڵبێت،***

***شەویەخەی بەرنادات!***

***تەمی خوێنی سور نایەڵێ!***

***دەم ئەیەوێت بگات،***

***بەدەمی ئازادی،***

***فوارەی خوێن رێگا نادات!***

***سفرەکەی سێژەمی خوێنی سورنایەڵێ!***

***(١٩)***

***لەم هەسارەکۆسکەوتووە،***

***بستێ نیە بەناومەوە،***

***تێی بسرەوم،***

***جەستەی رزیوم بۆچیە؟***

***هەمووکاتێ لێی ئەبچڕن***

***رۆحیانەتی تەزیوم بۆچیە؟***

***هەموورۆژێ تورهەڵدەدرێ،***
***ئەم مێژووەسەرخواردوەم بۆچیە؟***
***هیچ کەسێ گوێی لێناگرێ!***
***هیچ کەس لێی نایخوێنێتەوە؟***
***وشەودێڕ وپەند ووانە،***
***رەش رەش ئەڵێی ئیشی دەستی نەزانە***
***تێیدا نەزان زانای دیوەخانەو***
***چاوساغی رێی کاروانە!***
***(٢٠)***
***بۆچیمە ئەم نیشتیمانە***
***بێ ناز وناسنامەیە؟***
***رۆژی دەجار بەشوودەدرێ***
***کەس نازانێ ژوانی کوێیە؟***
***بۆ کوێ دەبرێ؟***
***کام لێوی مۆر مەمکە تورتەکانی دەمژێ؟***
***کێ ئارەزووی پێ تێرئەکات،***
***نازانرێت، نازانرێت!!***
***(٢١)***
***نیشتیمانم،***
***بووکەشوشەیەکی یەکجارناسک بوو،***
***لەژوانی دێوەزمەکانی مێژوو،***
***پارچەپارچە وردوخاشبوو،***
***تاکوئەمرۆش گۆڕی ونە،***
***هەردەگەڕێین!***

***هەرچاوەڕێین!***
***ئەوبەبێ ئێمەئاوارەی وڵاتانە،***
***ئێمەبێ ئەو***
***قەرەجێکی رووتی بەردەرگای ماڵانین!***
***عەیامێکە،بۆلەتێ نان،***
***بۆچۆڕێ ئاو،***
***سەربەهەمووماڵێکی ناحەزدادەکەین!***
***سنورەکان دەبەزێنین،***
***وڵات وڵات،کیشوەرکیشوەر،***
***بست بەبستی ئەم هەسارەیە تەی دەکەین،***
***بۆمشتێ خۆڵ بۆبستێ خاک،***
***بۆنیشتیمانی دزراوی زەوتکراومان ئەگەڕێین،***
***چاوگرِدەدەین ،***
***بۆنیشتیمانێک ناوی ئێمەی لێنوسرابێ!***
***هاوارئەکەین،***
***نیشتیمانێ بەرۆژی نیوەرۆدزرابێ،***
***تف هەڵدەدین،***
***تف لەکۆمەڵەی گەلانتان،***
***نەفرەت لەخەنجەری بێ کێلانتان،***
***تف ونەفرەت لەخۆتان،***
***لەپەیمانامەی ئاشتی وسایکسبیکۆتان!!***
***(٢٢)***
***هێشتا ماندوین سەفەرین،***
***کۆچمان قەتارەی بەستووەو***

***وێسگەی پشوومان زۆری ماوە،***
***وەختمان خشت ماتومانەوە***
***هەناسەدرێژەکانمان،***
***لەگەڕووی باریکا تاسان!!***
***منیش بەکەشتەشیعرێکی ژەنگرتووە،***
***گوێ کەناری کامەروباری زام بگرم،***
***جێ پێی ئەسپی کام هۆلاکۆ،***
***ئالەم خاکە هەنجنراوە بسڕمەوە،***
***تورک، ئینگلیز،عارەب، فارسان!!***
***(٢٣)***
***چارەنوسمان دەبێ چی بێت،***
***ئایندە باوەش بۆئێمەی کۆچەری ناگرێتەوە،***
***چەند بێدەربەست وسەرکێشین!***
***لەم سەفەرە،***
***ئاوڕلەرابردووی وردوخاش نادرێتەوە،***
***ئەمرۆوسبەنێ بەدووی خۆمانارادەکێشێن!***
***ئەگەرزەویش ماندونەبێت،***
***ئێمەی ماندووماندوودەکات!***
***ئەگەر راوەستاش،***
***دڵنیابن رووگۆی شەوی لەئێمەیە!***
***لەئاوێنەی پێشمانەوە،***
***شوێن پێکانمان وادەکێشن!***
***لەتەوێلی هەرچێایەک وانوسراوە***
***چارەنوسمان ئەبێت چی بێت!***

(٢٤)
دیسانەوە  سەفەرمان پەڵەهەوێکی ژانگرتووە،
لەئەزەلەوەپێیان وتووین،
بۆنی گوڵێک مەکەن کەدەستان نایگاتێ؟
دەمتان لەپەیڤێ مەکوتن
زمانی پەڵکەزێڕنیەوبەفروهەتاو
فریشتەوبەهاروژیان بزانێ
هەرگیز پیرنەبێ؟
شوێن پێکانی فرشتەیەک  پێ مەخەنە
بۆبەهەشتێک بتان بات
وەک کوردستان دڵگیر نەبێ؟
(٢٥)
سەفەر بۆکوێ
بۆکام هەسارەی دڵنیایی
ئەتانەوەێ بەکۆچ بگەن بەچی؟
لەچی دڵنیادەبن؟
جەولەکانی عومری ئێمە
بەرەومەملەکەتی ئەجەل بەرێکەوتن
ڕێگاتەم و وەیشومانە
بەستەڵەکی بەفرەورێبەندانە
بێ کارەباپەپولەکان مۆمیادەبن!
(٢٦)
ئەرێ بەراست ئەوە ئێمە
نهێنییەکانی سوڵتانی خۆرمان درکاند

***یان یەجوج ومەئجوج بووین ؟***
***قەڵای زیرینی ئاشتیمان شکاند***
***یان دەستی ئەهریمەنی تاوانمان ماچکرد!***
***چی تاوانێکمان کردبوو خودایە،***
***بۆیە هەتاهەین لەزیندانی چاڵی شەوابین،***
***خەونی زل زل ببینین،***
***بەسەربەخۆی خۆمانەوە***
***لەشیرینی خەودابین؟***
***(٢٧)***
***لەم سەفەرە چەک زبانەو بوون کوفرە،***
***خۆشەویستی خاک تابۆیە،***
***مەجنوونەکان چۆن بۆلەیلاکانیان نەبن؟***
***کوردیش مەجنوونێکی رووت وشێت وبێ ماڵ وبێ بەرگ ونامۆیە***
***بۆلەیلا نیشتمانی دەگری وبێ چارەماوە!***
***من تێناگەم چۆن ئەستێرە رست دەکرێ،***
***ولەجێی خشتی بەیتونەی تار دادەنرێت؟***
***چۆن بەڵێنە یاخی بووەکان؟***
***چۆن ماڵیە شاخی بووەکان؟***
***لەئامێزی نامۆیدا***
***هەنسکی شادی دەرێژن!***
***بۆئەم سەفەرە،***
***ئەگەر مۆمەکانی نیشتمان***
***رۆحی خۆیان نەسوتێنن و***

***جەستەکەشیان نەکەن بەگڕ،***
***گڵپەی ئاگر،***
***ژیلەمۆیەک رانەهێڵن لەپرچی خۆر،***
***بروسکە نەکەنە وێردی زمان***
***نەبنە گڕکانی ئەتۆم***
***پێم ناڵێی چۆن***
***تاریکی راودەنێن؟***
***ئەگەر هەمووکانیلەکان نەچنەوەسەر یەک چۆم،***
***بەیەک نشیودا نەڕۆن،***
***پێم ناڵێی چۆن دەبن بەترسی ئاوی خوڕ،***
***سامی مەنگی گۆم؟***
***(٢٨)***
***لەم سەفەرە،***
***هێشتا ئازاری ماندووبوونمان لەگەرمی سارد نەبۆتەوە***
***ئێمەی برسی وئێمەی تینو،***
***بۆساتێکیش بەنیشتیمان شادنەبووینەوە،***
***بۆجارێکیش سەربەست وئازادنەبووینەوە،***
***هەموورۆژێ سێ تەلاقەی سەرمان دەدرێ پێمان ناڕوات،***
***سێتەلاقەی پێمان دەدرێت سەرمان ناڕوات،***
***هەموورۆژێ بەنوکی تیژی تیغێک،***
***بەفتوای شمشێرێکی ژەنگاوی***
***ئێمە بەنیشتیمان نیشتیمان بەئێمە تەلاق دەدەن***
***تەلاقیشمان لەیەک ناکەوێت!***
***هەموورۆژێ فاتیحایەک بۆ مردنمان دەخوێنن***

***تەڵقینی گۆڕمان دەدەن،***
***هەربۆئەوەی خاک وئاووماڵمان ببەن،***
***تورمان دەدەن؟***
***(٢٩)***
***لەم سەفەرە،***
***هەمووڕۆژێ بەخوێن نەخشەیەک،***
***بۆئەم نیشتمانە بێ نەخشەیە دەکێشین!***
***لەدواخاڵی تەواوبوونیا،***
***دەستێکی ڕەش ڕەش سورسوری خوێناوی***
***براجاسوسەکەمان وجەلادەکانی دراوسێمان دەیدڕێنێن!***
***ئیدی سەدەیەک تەمەنمان کورت دەبێتەوە،***
***دەچینەوە دۆخی متبوون، کەڕوکوێر،***
***ڕێی خۆمان وکاروانەکەمان دەبێتە هەڵدێر!***
***(٣٠)***
***هەموو ڕۆژێک،***
***سەفەردەکەین،***
***ڕۆژێک لای مرۆڤە ئاشتی خوازەکان،***
***بەشەقامی بێدەنگیدا پیاسەدەکەین!***
***هەمان ڕۆژ لای جەلادەکان***
***لەشەقامەکەی ئەودیوی ئاشتیدا***
***قاقای پێکەنینمان دێت،***
***گۆرانی بۆشەڕدەچڕین***
***هەمووڕۆژێک،***
***گشت بەیانیەک تائێوارە***

هەمووشەوێ تابەیانی
دەهۆڵدڕین!
دەمێک گوڵێن دەمێک درک!
(٣١)
ئێمە درەختێکین بێناووبێپێناسە،
بۆیە واپێناسەیان کردووین
چۆن چۆن پێناسەیەک
دڕندەی شاخ
دڕکی گوڵ وتوڕکی ناوباخ
تورکی شاخاوی ونەوەی جن
درەختێکی ئاڵۆسکاوی بێرەگ و
جاجمێکی هەنجن هەنجن!
ئێ چی بکەین واپێناسەیان کردووین
خۆمان نەدێینەزمان نەگوێ دەگرین
کەڕ وکاسین
هەتادەمرین!
پەنجەی یەک دەسین
وەکو داسین
بۆبێگانەیەکتری دادەپاچین،
یەکتری هەڵدەواسین!
لەگەڵ گورگ گۆشت دەخۆین،
لەگەڵ مەڕداشیوەن دەکەین
دەمێ گوڵین دەمێ درک،
ئێ دەیەکجار

***یان ببنەمەڕیاخود گورگ!***
***یان ببنەگوڵ یان ببنەدڕک!***
***جارێ لەملاوجارێ لەولا***
***هەم خاوەن ماڵ***
***هەم دزین،***
***هەم بەرازین هەم رەزین***
***ئێ دەیەک جار***
***بابگەڕێینەوەسەر یەک بنج ویەک رەگ ویەک برِک!***
***(٣٢)***
***ئێمەدوێنێ تاوانمان کرد،***
***شەرمەزاری ئەمڕۆکەبووین،***
***ئەمڕۆبۆچی تاوان بکەین؟***
***کەدەزانین شەرمازاری سبەی دەبین!***
***ئێدەیەکجار یان بچنەسەریان وەرنەخوار***
***یان شمشاربن یاهەردار***
***یان چەکوشبن یان بزمار***
***یابرابن یان دواپێکی شەڕهەڵدەن***
***یان کۆچ بکەن یان سەنگەری قوڵترلێدەن***
***چی باکتانەتاکو رەستاخێز***
***تەورلەملی یەکترهەڵسوون!***
***خاک وگەل وولات بکەن بەبەردەبازی سوپای دوژمن***
***بێچەندوچوون!***
***(٣٣)***
***ئێمەدرەختێکین باڵامان هێندەبەرزە***

جەستەکەی بۆرەشەبایە،
سێبەرەکەی بۆمرۆڤی سپڵەوبۆرەپیاوە
کەتێری خوارد
هەرلەخۆمان لقێک دەبڕێت
دەیکات بەکلکی دەمی تەورێ!
دوژمن لقەکانی ترمان دادەپاچێ
کەداپاچین لەژوورسەرمان دادەنیشێت
بەدیارچۆڵای تەرمی خۆمانەوە،
بوشوێنی کاڵای باڵای چۆڵمان لەئاسمان
بەکۆتای رەگی لەناخ زەویمان
بەتەمەنی بێ ئەندازەوبێسەرەتامان پێ دەکەنێ پێدەکەنێ!
بەبێ دەنگی لق وپۆپمان دەکاتەوە
دەمان بەخشێت بەدارتاشەبێ بەزەیەکانی شاری نەیاران
تابمان کەن بەسندوقێک
لەژوورێکی ئەبەدیادامان بنێت
یان دەمان کات بەتابووتێک
هەرخۆمان تێی دەئاخین وهەرلەخۆمان هەڵیدەگرین!
هەم تەرمین هەم تابووت
تەرمووتابووتێکین بەسەرشانی یەکترەوەهەتادەمرین!
دیمەنێکی ناخهەژێن نابووت نابووت!
لەوەتەی هەین هەروامان لێکراوە
هەروادەبین هەروادەبین!
یان دەمان کەن بەبەدارەڕای سەرپۆشی خانوویەک
یان کۆڵەکەوپایەی زیندانیەک

بێتاوانان تێیدازیندانی دەکرێن.
ئاخرکەی رەوایە نێچیرخۆمان بین وراوچی خۆمانیبین
قەفەسیش هەرلەخۆماندروستکرابێت؟
یان بۆداری سۆپای مزگەوتێک وردمان دەکەن،
سۆفیەچڵکنەکانی تەریقەتی خەیاڵ خۆیانی پێگەرم دەکەنەوە
یان دەمان کەن بەبێشکەیەک مناڵانی خۆیانی پێ گەورەدەکەن
یان قۆناغی تفەنگێک یان مشتۆی چەقۆ
یان سندوقێک فیشەک
یان هەزاران چەک
یان عەساوگۆچانی دەستی زۆردار
یان عەرش وکورسی غەدار!
بۆساتێکیش کە کۆتەرەی رەگ بەناخ زەوی رۆچوومان
چرۆدەکات وگەورەدەبێ وپەل دەهاوێ
دوژمنمان چاوتیژوتەمەن درێژە
بەفیکەی سیخوڕێک شۆفارێ
دیسانەوە تەورەکەی لەسندوقی لەشی خۆمان دەردێنێ
دەیداتە دەستی خۆمان خۆمان سەری خۆمانی پێ دەبڕین!
ئێمەهەروابن زۆر دەمێکە راهاتووین،
لەگەڵ ناپاکی وخۆخۆری وشەڕوخوێن وبرین
ئینجابەدەستی خۆی دەمان خزێنێتەناوئەوتابووتەی
کەلەداری جەستەی خۆمان دروستی کرد
یان هەربەزیندووی بۆناوئەوقەفەس وزیندانیەمان دەبات
کەلەخۆمان چێی کردووە
ئیترقۆناغی متبوونی ناوتابووت وزیندان

*لێرەوەرۆمانەکەدەست پێدەکات!*
*زەمەنێکی تر سەردەمێکی تر*
*سەردەردێنین وسەرهەڵدەبڕین*
*ئەم جارەشیان سەرمان دەبڕن*
*هەمووساتێک سەرمان دەبڕن*
*سروشت سەرمان دەداتەوە!*
*هەرکاتێکیش باڵا بکەین بچووکمان دەکەنەوە،*
*چونکەباڵاکردن وئازادی تابۆن*
*بڵاوبوونەوەبەزەویدا*
*رەگداکوتان لەخاکدا تەنانەت*
*پەلهاویشتن بۆئاسمانیش حەرامە!*
*ئێمە لەهەمووسنورێک مەحرومین*
*ئەومناڵەی لەسەربێشکەی جەستەی ئێمە گەورەی کرد*
*هاکازانیت سبەی دەبێتەجەلادێک ودواترژەنەڕاڵ*
*لەسەرتەختی فیرعەونەکان دادەنیشێت*
*دەست بەتەوروداس وچەقۆوخەنجەر،*
*هەرمناڵێکمان لەدایک بێت دەیکوژێت*
*هەرکەسێکمان زمانی گرت زمانی دەبڕێت*
*هەرکەسێکمان دەستی داری گرت دەستی دەشکێنێت،*
*هەرکەسمان هەستێ دیاربێ*
*بیری شکاندنی تەوقی کۆت وتابووت وزیندانی هەبێ*
*گۆرانی سەربەستی وئازادی بچڕێ،*
*گورج ئامادەیەوسەری دەبڕێ*
*دوایش کەهێشتی ببین وزۆربین*

***دڵنیابن کەوا ئیشی پێمانە***
***ئەوسندوقە فیشەکانەی دروستیکرد پێمان هەڵدەگرێ***
***تفەنگ دەداتە دەستی نیوەمان***
***نیوەکەی تریش بێ تفەنگ،***
***هەندێکمان دەکات بەخۆراکی ئەوانی ترمان ،***
***دەمان کوژێ بێدەنگ بێدەنگ!***
***ئیدی رێمان نادات بمرین***
***دەبێ هەروابژین***
***بۆدواجاریش ئەجەل وتی***
***مشتۆی چەقۆدەگرێت وسەری رۆحمان دەپەڕێنێت***
***ئیتربۆئەبەدی نایەڵێ بژین!***
***ئەوسابوونمان دەبڕێتەوە***
***ئێدەیەکجارمردن بەسە،***
***ئێدەیەکجار ژیان بەسە***
***کاروان گەیشتەکۆتایی***
***ئێستادەمانەوێت بڕوێینەوە،***
***لەسەرکۆتەرەی پیرورەگی سەری براومان***
***کەچی خوێنی پیسی نەیارلەدەمارمان دەگەڕێ***
***زۆرسەیرم دێ***
***لقێک تورک ولقێ ژەهرولقێک ترس ولقێک ژان وگوژاڵکی تاڵ،***
***لقێک چەقۆوتەورودەست وپەنجەوخەنجەرومار،***
***لقێک خوێن ولقێک شۆفار،***
***تەنهالقێکیش بۆگوڵ!***
***ئێ دەیەک لق***

***ئێدەیەک بنج ورەگ ویەکدار***
***چەپکێ گوڵ ویەک ئینجانە!***
***(٣٤)***
***ئەوان چیان لێنەکردین،***
***بەرلەکۆچی نەعرەتیەوێژدانیەکان،***
***بەرلەئاوابوونی هەتاوی هیواکان،***
***بەقەد ئەستێرەی ئاسمانی دور،***
***بەژمارەی ژەنەڕاڵەکانی پاشا،***
***بەقەدلاشەکانی مێژووی بێسنور،***
***تیری ناپاکی وخەنجەر لەکێلانی پشتمان گەمەی دەکرد.***
***چڕنووکی تیژلەگۆشتی پاک لانەی دەکرد!***
***ئەوان هیواکوژوئاواتدزن،***
***ئەوان ئاشتی کوژوچاوبزن!***
***ئەوان بۆخەرمانی کوردئاگرن،***
***بۆنەمانی ئێمەدەمرن***
***بۆمان وژیانی دوژمن***
***کەڵاوسوری بەرلەشکرن!***
***(٣٥)***
***ئەوان چیان لێنەکردین،***
***بەپێی خۆمان بۆسێدارەیان بردین***
***بەدەستی خۆمان رووتیان کردینەوە،***
***بەدەستی خۆمان گۆڕیان پێهەڵکەندین،***
***هەربەخۆشمان دەمان کوژن***
***کێڵێ بۆگۆڕی بێکەسیمان دادەنێن***

***ئەمجا بەخەتێکی ئاڵتونی جوان لێی دەنوسن گۆڕی شەهید!***

***(٣٦)***

***من لەبێدەنگی وکپی خۆم دەترسم***

***تاکەی تەروم وتابوتی نیشتیمان بەرسەرشانمانەوەبێت وبچێت؟***

***هەمووگەلان خەمی خۆیان خوارد***

***تەنیا خەمی ئێمە ماوە***

***خەمی ئێمەش هێند گەورەیە بەکەس ناخورێت!***

***(٣٧)***

***سەفەرهاتو کاروان رۆی***

***ئەم زەمەنەزەمەنێکی شێتانیە،***

***ئێمەی ژیری تێیدادەژین***

***خۆمان داوەتەدەستی قەدەر***

***دەستی دزوجەردەی رێی سەفەر***

***بەچەشنی ئەسپی کوێر***

***هەنگاودەنێین کەس نازانێ***

***بۆکام رێگابۆکام جێگا***

***بۆکام نشێو بۆکام هەڵدێر!***

***(٣٨)***

***لەکەوتنەکەی مادەوە،***

***ئێمەکەوتووین هاین لەچاڵە!***

***لەکوژانەوەی چراکەی مادەوە،***

***مێژووی ئێمەهەرتاریکە***

***لەهەڵکەندنی چاڵی چاڵدێرانەوە!***

***ئێمەلەچاڵایی زمەنێکی وەیشومانین***

***رێچکەی ژینمان هەرباریکە!***
***دەوران سەدان دەوڵەتی لێسەندین***
***کەچی ناوی بەدبەختیمان،نەگبەتیمان هەرماوە!***
***شکۆی خاک وگەل ونیشتیمان وسەروەریمان هەرنەگەڕاوە!***
***پێشینان پێمان دەڵین ئۆقرەبگرن،***
***لەدوای هەمووتەنگانەیەک شێنەییە***
***کەچی گشت تەمەنی ئێمەتەنگانەبووتەنگانە***
***ژێردەستی ودیلی دەستی بێگانەبووبێگانە!***
***پێشینان وتویانەهەمووکەوتنێک هەستانەوەی بەدواداێت***
***کەچی ئێمە هەرکەوتووین وهەستانەوەش هەرنابینین!***
***بێکەسی شاعیر پێمان دەڵێت:***
***(داری ئازادی بەخوین ئاونەدریت قەت بەناگرێ***
***سەربەخۆی بێفیداکاری ئەبەدسەرناگرێ)***
***ئێمەداری ئازادیمان بەخوێن ئاودا***
***هەزاران لاومان کردەگیانفیدا***
***بوون بەخۆڵەمێشی شۆڕش وتینی چرای ئازادی نیشتیمان،***
***کەچی ئەوساوئێستاش***
***سەربەخۆییمان نەدی وداری ئازادیمان بەری نەگرت!***
***چی نەمانەیکەینە قوربانی سەربەستی وسەربەخۆیی***
***کەچی سەربەخۆییمان هەرسەری نەگرت!***
***(٣٩)***
***لەم وڵاتە شەڕخەباتە***
***سەرشاباشەوخوێن خەڵاتە***
***بێدەنگی نەنگیە لاریە!***

***هەڵپەرستی، خۆپەرستی***
***ناپاکی وخۆخۆری***
***دواین پەیڤ ودوائاواتە!***
***هەرچی وشەی ژاناویەلەفەرهەنگی زامی ئێمەدابەدیدەکرێت!***
***روخان، سوتان، شکان،برژان!***
***وێران، نەمان،خنکان،هەژان!***
***دابڕان، خوێن،خیان،لادان!***
***برسی، تینو،کەوتن،مردن!***
***دزین،تاڵان،گەوجاندن، بردن!***
***فریودان، سیخوڕ،ناپاکی کردن!***
***بۆیەکجاریش هەستانەوە،بوژانەوە،سەرکەوتن بەدی ناکەین!***
***کوفرناکەین ئەگەربڵێین کوردستان یان گۆڕستان!***
***لەم وڵاتە بێسنورە سنور دەستکردەدانراوە،***
***سنورەکانی شوشەیە،***
***هەرکەس قینی هەستێ بەئارەزووی خۆی دەیشکێنێ!***
***وردوخاشی دەکات وەک ماڵەچکێنەی مناڵانی گەڕەک***
***ئەم بەیت وبالۆرەیەبۆئێمەبووەبەخەڕەک!***
***لەم وڵاتە،***
***ئاشتی بزمارێکی ریش دریژەولەنێوچەوانمان داکوتراوە،***
***کچێکی چواردەساڵەیەوبارمتەی دەستی سەرکردەی نامەردە،***
***هەرشەوێ لەباخەڵی ناپاک وخۆفرۆشێکی دوژمندایە،***
***لەسەرمێزی قوماردانراوە!***
***ئاشتی لەئاسمانی ئێمە شەوێکی سایەقەیەوبەبێدەنگی رەقمان دەکاتەوە!***

***ئاشتی ڕۆشنای ئاگرێکی خۆکردەوفریومان دەدات***
***وئەبێتەبڵێسەی ئاگری شەڕودەمان سوتێنیت!***
***ئاشتی پێکێ ژەهرە ڕۆژی سێژەمەلەسەنگەرەکانی***
***شەڕدادەیخۆینەوە!***
***ئاشتی فیشەکی گرداروهەمووشەوێ***
***بەتفەنگی ژەنگاوی جەلادەکان***
***بۆتەقەی خۆشی دەتەقێنرێ!***
***لەم وڵاتە ئازادیمان بوکێکی رازاوەیە***
***لەناوکەژاوەی بڤەدادانراوە!***
***(٤٠)***
***سەفەر هەناسەی درێژەو***
***کەشتیەکەی ئێمە هەرخوڵ دەخوات***
***خودرەوەکەی ئیمە یەک پاچکەیە***
***دەیان سوکان سەدان ڕێچکە!***
***لەوکاروانەی بەرێوەین***
***ناگاوناگا مەحاڵەبەهەواربگەین***
***هەرلەجێی خۆیەتی دەخولێتەوە!***
***(٤١)***
***سەفەری ژانەوهەرری دەکەین،***
***پەکوف ڕۆژ هەرنابێتەوە!***
***لەنهێنی خەتی نامەکانی با تێدەگەم***
***پەڕەکانی ڕۆژکاردەخۆێنمەوە!***
***وەرە وەڕ وحەپەحەپی***
***ئەم دێڵە سەگە ترسنۆکانە***

***لورەلوری ترسنۆکانەی ئەم سەگانە***
***وادیارەبەم زووانە***
***دزوجەردەوناحەزدێننەسەرمان!***
***چژانێکە کوردبوون داخەکەم،***
***هەمووڕۆژێ ژەهری ناپاکی ئەڕژێتەخوێنمەوە!***
***) (٤٢***
***کەس لەئایەتی سورەتی شیعرم ناگات!***
***من بەچاوی خۆم بینیم،***
***بەهەشتمان کردەدۆزەخ***
***فریشتەوبێتاوانمان تێیداسوتان!***
***من بەچاوی خۆم بینیم***
***ئەوبەهەشتەی بۆی تێکۆشاین***
***زۆری نەبرد بووەدۆزەخ!***
***ئەودۆزەخەی تێکۆشاین بەئاگری نەسوتێین***
***هەرسوتاین وبووینە خەڵوس!***
***لەسەردەستی سەرکزان ودز وسیخوڕوجاسوس!***
***(٤٣)***
***کاروان رێ دەکاودەڕوات،***
***کێ دەڵێ دەگاتەجێ؟***
***سەفەریشمان رێی هاتونەهاتی گرتۆتەبەر،***
***خاک ئاوارە،کورد دەربەدەر***
***نیشتیمانیش کۆڵ بەکۆڵ***
***هەروەک منی کۆچەر!***
***ئەی نیشتیمانی قەرەجەکان ئیتر بەسە!***

دەمێ کۆچ ودەمێ ڕەوو دەمێ زیندان!
ماندوونەبووی لەکەلەپچەوزنجیری دەستی ئەجەل
لەتەرمی خۆت لەتەرمی ساردوسڕی گەل!
خۆدەزانم ئەی نیشتیمان
تۆهەربەهارەزەرد هەڵگەڕاوەکەی جارانیت ونەگۆڕاوی
تۆهەرزستانەدەم بەکرِیوەنەهاتەکەی،
هەردەم شەستەی بارانەلەلات
شەستەی بارانی ئاونا، گوڵنا،نان نا، بارانی باران نا،
شەستەی بارانی گولەوخوێن!
خۆدەزانم ئەی نیشتیمان تۆهەربەهارەزەرد
هەڵگەڕاوەکەی جارانیت واهەست دەکەم
لەگەڵ ئاوابوونی حەزرەتەکانماندا ئاوابوویت وگەڕانەوەت
خەونی قوڵی شێتانیە!
(٤٤)
لەم وڵاتە
لەم سەفەرە
نەقەتماغەی زامی بەسوێ وشک دەبێ!
نەقوڵپەی خوێنی گەش بندەنێتەوە!
نەء، نەء، نەء وهەزاران نەء
نەشیوەنمان شیوەنەو
نەشایمان شاییە!
نازانین گەرمەشین بۆچی وبۆکێ هەڵبڕین!
نازانین ئاهەنگ بۆچی وبۆکێ دەگێڕێن!
دەمێ شین ودەمی شایی لەهاواری یەکترناگەین!

***لەم سەفەرە***
***نەرۆژهەڵدێ نەشەودەڕوات،***
***نەبەهاردێ نەپایزدەڕوات***
***ئەم زستانەپەست ورەشەئاوانابێ!***
***گۆمی خوێنیش هەرمەنگ دەبێ وسەرچاوەکەی وشک ناکات!***
***ئەم وڵاتە کیشوەرێکی بیابانە***
***ساڵ دوانزەی مانگ ئاسمان هەورەودانابارێ***
***دەببارە گەر زەهریش بێ دەیخۆینەوە،***
***هێندە تینوی رێی سەفەرین***
***دەببارە گەرزەقومیش بێت دەیخۆینەوە!***
***گەربەردیش بێت دەیخۆین،***
***هێندەبرسی رێگەی دورین!***
***دەببارە گەرئاگریش بێت تورەنابین***
***هێندە چاوەڕوانی هەوارویشووین!***
***ساڵ دوانزەی مانگ بەهارەوگوڵ وسەوزای نابینین***
***ساڵ دوانزەی مانگ خۆرمیوانەورۆژنابینین***
***ساڵ دوانزەی مانگ شەڕدەژمێرین و***
***سەرکەوتن وئاشتی وئازادی وسەربەستی نابینین***
***هەردیلین ولەسەرچۆک کەوتوی بەردەم کۆشکی***
***دوژمن ونەیارین....***
***ساڵ....ساڵ ..ساڵ،***
***مانگ...مانگ...مانگ،***
***ئەمێستاپازدەی مارسەو***
***سبەی کوێستانم بەکۆمەڵێ فریشتەوەلەخاچ دەدرێن،***

دوسبەی نیسانی سەوزەو
گەرمیانم بەهەزاران پەپولەوەزەردزەردهەڵدەگەڕێن
بەدەم تەرزی تەمەنەوە ورد ورد هەڵدەوەرێن!
هەربەزیندووی زیندەبەچاڵ دەکرێن!
سێسبەی نیشتیمانم هەتک دەکرێ
چوارسبەی.....سبەیەکی تر....سبەی...سبەی....!
گشت سبەینانێک کوردستانم لەگۆڕدەنرێت
هەنووکەبەهارەوپایزدەبینین!
(٤٥)
بەرلەم سەفەرە،
نیشتیمانم کیشوەرێک بوولەئەفسانەی گەوهەری جوانی
نسارێ بوولەسیبەری عەرشی خوا
تریشقەی کۆس هات ولەتی کرد
لەتێ ئەم کەس ...لەتێ ئەودەس
لەتێ ئەم دەس ..لەتێ ئەوکەس
هەرلەتێکی چرنووکی پێی تیمساحێکی تێدازاوە!
(٤٦)
لەم سەفەرە،
ئەم بەڵێیە، هەربەڵێیەو
ئەوئەڵێنانە هەرنەبوونەبەڵێن،
بەڵێنەکانیش لەریشی درێژی خۆیان یاخی دەبن!
ئەم بەلامانە هەرنەبوونەوەلام،
ئەوپرسیارانە هەربێ وەلامن،
ئەووەلامانەهەربەلامن،

***لەرۆژی مافی گەلانداسەرکردەیەکی کورد بەهیمنی هاتەگۆ وتی***
***(ئازادی سەربەستی سەبەخۆیی)***
***دەمی لەمافی کورد کوتی***
***ژەنەراڵەکانی پاپاش بێ یەکودوو***
***بەڵێ وبەلامیان هێنایەبەرلوتی***
***ماف ووەلام!***
***(٤٧)***
***ئاخرلەم سەفەرەدا***
***ئەم زەمەنە کوێی تەمەنە***
***لەم جەستەبەزام وێرانەدا، ئێستارۆح چۆن تێیێداماوە***
***هاژەوگڤەی رەشەباکانی ترس***
***کەوتنەوێزەی پەڕەی گوڵ***
***لەمیحرابی خۆشەویستی سەرلەلاشەدەکەنەوە***
***مناڵی ساوالەباوەشی دایک دەباتەوە!***
***کێیە دەڵێ ئەم زەمەنە،***
***پڕلەعیشق وجوانی ومیهرەبانی وکۆی تەمەنە؟***
***تەمەنێک لە لەحزەکانی ئێش و***
***پرتەکانی چاوەڕوانی (مان ونەمان)دانەخشەی بۆکێشرابێ***
***دەبێ چی بێ ودەبێ چۆن بێ؟***
***ئەم زەمەنە کوێی تەمەنە؟***
***بەڵێ ئەوەش سروشتی خوایە کەوادەبێت،***
***نەمام وتورک،***
***گوڵ ودڕک،***
***لەباخێکداوەکو یەک دەڕوێن!***

***بەڵێ ئەوەش سروشتی خوایەوکەدەبێت،***
***هی وشک وتەڕ،***
***بێکەڵک وبەفەڕ،***
***لەشاخێکدا.لەباخێکدا بەیەک ئاگربسوتێن!***
***بەڵام هەرگیز***
***چاوی زەمەن،***
***کامێرای سروشت، شاشەی ژین،***
***مێژووی تەمەن،***
***دیمەنی وای بەخۆیەوەنەبینیوە،***
***بەهار وەرزی هەڵوەرین بێ!***
***سەدای کۆچ وهەڵفڕین بێ!***

***تشرینی یەکەمی ١٩٩٨چەمچەماڵ***
***فاتیح عەبدوڵڵا شوانی***

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی رۆشنبیری**
**بەرێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە**
**مۆڵەت**

**ژمارە :** ٢١٦
**زایینی :** ٢٠٠٦/٣/٧
**کوردی :** ٢٧٠٥/١٢/١٦

(( فەرمانی کارگێڕی ))

بڕیارماندا ژمارە سپاردنی ساڵی (٢٠٠٦) ی وەزارەتی ڕۆشنبیری بدرێت بەم کتێبانەی لای خوارەوە :

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | ژ/سپاردن |
|---|---|---|---|
| ١ | هەمیشە ئەم گۆرانیە دڵم پڕ ئەکا | هێمن محمد جەزا | ١٩٤ |
| ٢ | سەفەری ژان | فاتح عبدالله محمد | ١٩٥ |
| ٣ | ژیان و گۆرانیەکانی ئیمام یوسف | عومەر رشید | ١٩٦ |
| ٤ | چیرۆکی ئەویندارێم | عمر دزەیی | ١٩٨ |
| ٥ | شارێك هۆڵمز | سارا علاءالدین رضا | ١٩٩ |
| ٦ | ژیانی مامۆستا ناصر | فاتح سعید | ٢٠٠ |
| ٧ | ئیمارەتی ئیسلامی لە هۆڵەندا | ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم | ٢٠١ |
| ٨ | نیگایەك بۆ ساتەکان | هەرێم حەسەن قادر | ٢٠٢ |
| ٩ | الکتابە للتلفزیون | غسان نعمان | ٢٠٣ |
| ١٠ | شەوی پیرۆز | خباب حبیب محمد | ٢٠٤ |

- دوای چاپکردنی کتێبەکان دەبێت لەهەر یەکەیان(١٠) دانە بدرێتە بەڕێوەبەرێتییەکەمان بەمەبەستی هەڵگرتنی لە کتێبخانەی وەزارەتدا ، بە پێچەوانەوە ژمارەی سپاردنی هەڵدەوەشێتەوە..

**محەمەد عەبدولکەریم سۆڵەیی**
بەڕێوەبەری گشتی

**وێنەی بـــــۆ/**

- نووسینگەی تایبەت لەگەڵ ڕێـــــزدا ....... .
- ب/ ئاسایشی سلێمانی /بەشی ڕامیاری تکایە بۆ ئاگاداریتان .
- بەڕێز نووسەری چاپکراو .
- دۆسیەی ژمارەی سپاردن .
- دۆسیەی تایبەت

SAKAR 7/3